Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-21

# بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێنکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

**شارا فریاد عبدالله، گێلاس عبدالله اسماعیل**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆ سلێمانی، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ،خوێندکارانی بە شی باخچە**

**Corresponding Author**

sharafryad86@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوە بوو لە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی-پەیوەندیدار بوو. نموونەی توێژینەوەکە ٢٨٧ خوێنکار بوون لە قۆناغی (یەکەم - چوارەم)، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دوو پێوەر بوو لە بوارەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ شیکردنەوەی داتاکان تاقیکردنەوەی t یەک نموونەیی، تاقیکردنەوەی t بۆ دوو گرووپی سەربەخۆ، هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهێنران.

ئەنجامەکان دەریخست، کە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران بەرزە، بەڵام ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی ( t دوو نموونەی) دەریخست، کە هیچ جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای قۆناغی یەکەم و چوارەم نییە . هەروەها جیاوازیی ئاماریی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغی یەکەم و چوارەمدا لە بەرژەوەندی قۆناغی چوارەمە، شیکارییە هاوشێوەکان پەیوەندییەکی پێچەوانە و بەرچاویان لە نێوان زیادبوونی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا نیشانداوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەدا چەن پێشنیار و ڕاسپاردەیەک خراونەتەڕوو .

## کێشەی توێژینەوە:

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە گۆڕانکاریی گەورە و فراوان لەناو گۆمەڵگاکاندا و لەناو خێزان و ناوەندەکانی خوێندندا هەر لە (باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆ) بەهۆی زۆر هۆکارەوە بەتایبەتی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و پاشان شۆڕشی ئینتەرنێت بە هەموو جۆرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (فەیسبوک-تویتەر-ئینستاگرام-تیک تۆک-سناپ چات ... هتد) روویانداوە، هەموو ئەمانە بوونە بە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی کەسەکاندا و کاریگەری باشیان هەبووە، هەروەها سوودی زانستی و کۆمەڵایەتی باشیان هەبووە، توانیویانە ئامانجی کۆمەڵایەتی بەدیبهێنن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە لە نوێترین بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیدا هەژماردەکرێن و زۆرتر لەلایەن هەموو ئاست و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێن. ئەگەر چی ئەم تۆڕانە لە سەرەتادا بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کەسەکان دروسکران، بەڵام سنووریان بۆ چالاکیە کلتورییە ئەکادیمی، وەرزشی، ئابووری، چالاکییەکانی دیکە فراوانتربوو (الجبر والاخرون، ٢٠١٧: ٧٨). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها ئامرازێکی کارانین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاوڕێیان، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ یەکترناسین و پەیوەندیکردنی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا، بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بووە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی خوێنکارانی هەموو قۆناغە پەروەردەییەکان و خوێندکارانی زانکۆ و خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان. بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە بابەتە گرنگەکانە، کە تایبەتە بە مرۆڤ، کە هەموو کرداره باش و خراپەکان لەناو کۆمەڵگەدا لەخۆدەگرێت. لەوانەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، کێشەی توێژینەوەکە لە فراوانی بڵاوبونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی گرتووە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ژیانی رۆژانەی هەموو چین و توێژەکان هەیە، بەتایبەتی لە بواری فێرکردن و زیادبونی خواستی خوێندکار بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ئاسانکاری بۆ کردوون بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا، دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی. دەکرێت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ باشترکردنی تێڕوانینیان بۆ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت. توێژەر وەکو ئەزموونی چەند ساڵەی لەناو زانکۆدا، هەستی بەوە کردووە، کە رێژەی بەکارهێنانی ئەم تۆرانە رۆژ لە دوای رۆژ لەنێو خوێندکاران و بەتایبەتی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵاندا لە زیادبووندایە، کە گیرۆدەی زیادلەپێویستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە جەختدەکاتەوە، کە تا چەند پەیوەندی لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە لای خوێنکارانی بەشی باخچەی منداڵاندا هەیە.

## گرنگیی توێژینەکە:

### گرنگیی تیۆری:

1. تیشکخستنەسەر ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە ئامرازە پێشکەوتووەکانی سەردەم لەلایەن خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
2. تیشکخستنەسەر پەیوەندیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستبوونی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان.
3. توێژینەوەکە خۆی لە گرنگی گۆڕاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، کە گرنگی لە ژیانی ئێستا و داهاتووی خوێندکاراندا هەیە.
4. گرنگی توێژینەوەکە خۆی لە گرنگی نموونەی توێژینەوەکەدا دەبینێتەوە، کە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانن، کە مامۆستا و پەروەردکاری داهاتوون بەشدارن لە پەروەردە و راهێنانی منداڵاندا وە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تیایاندا.

### گرنگی پراکتیکی:

1. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، گرنگی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان دەربخات.
2. دەرخستنی کاریگەری لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی رۆژانەی خوێندکاران.
3. دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکی کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا.
4. دەکرێت لایەنی پەیوەندیدار سوود لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە وەربگرێت بە مەبەستی رێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خوێندکار لە چۆنێتی سودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی دروست.

## ئامانجەکانی توێژینەوە

1. زانینی ئاستی هەریەک لە گۆڕاوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
2. جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی بەشی باخچە بەپێی گۆڕاوی قۆناغ ( یەکەم و چوارەم).
3. جیاوازی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بەپێی گۆڕاوی قۆناغەکانی یەکەم و چوارەم.
4. زانینی پەیوەندی لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە.

## سنووری توێژینەوەکە :

**سنووری توێژینەوەکە ئەم لایەنانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

سنووری کات : بریتییە لە ساڵی خوێندنی( ٢٠٢٤_٢٠٢٥ ).
سنووری شوێنی : بریتییە لە بە شی باخچە ی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
سنووری مرۆیی: بریتییە لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
سنووری بابەتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

## پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

**پێناسەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

-پێناسەی راضی(٢٠٠٣)

بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: سیستەمێکە لە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان کە ڕێگە بە بەشداربوو دەدات، ماڵپەڕی تایبەتی خۆی دروستبکات، پاشان لە ڕێگەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ئەلیکترۆنییەوە بەستنەوەی لەگەڵ ئەندامانی دیکە، کە هەمان ئارەزوو و خولیایان هەیە، یان لەگەڵ هاوڕێکانی زانکۆ یان ئامادەیی کۆیبکاتەوە (راضی، ٢٠٠٣، ل ٢٣).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ تۆڕە کۆمەڵاتییەکان:**

ئەو نمرانەیە، کە توێژەر لە ئەنجامی پێوەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای نموونەی توێژینەوەکەی بەدەستیهێناوە.

**پێناسەی تیۆری بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

بریتییە لە کۆمەڵێک پێگەی جیاواز، کە بەکارهێنەرانی لە ڕێگەیەوە دەتوانن پەڕەی تایبەت بە خۆیان دروستبکەن و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا ببەستن و زانیاری و بیروڕا ئاڵوگۆڕبکەن. ئەم تۆڕانە بۆ مەبەستی سیاسی، ئابوری، زانیاری، زانستی، ...هتد بەکاردەهێنرێن.

**پێناسەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:**

-پێناسەی اسماعیل (١٩٩٠)

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پابەندبوونی مرۆڤ بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگا و جیهانی دەوروبەریدا. لەوانەیە ئەم بەرپرسیارێتییە لە بەشداریکردن لە چالاکییە خۆبەخشانە و خێرخوازییەکانەوە تا قبوڵکردنی بەرپرسیارێتیی قەیران و کێشە جیهانییەکان درێژبێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەتوانرێت بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان هەژمار بکرێت، کە تێیدا هەست بە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانە دەکەن، کە یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی کوالێتیی ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی. ( اسماعیل، ١٩٩٠: ٤٣٩).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:**

ئەو نمرانەیە، کە توێژەر لە ئەنجامی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکەی بەدەستیهێناوە.

**پێناسەی تیۆری بۆ بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی :**

بریتییە لە ئەرک و پابەندبوون، کە بەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەچەسپێت و خۆی لە ئەنجامی کۆمەڵێک ڕەفتار و کرداری تاکەکان بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا دەبینێتەوە.

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە :

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئینتەرنێتدا ژینگەیەکی بەرفراوانیان بۆ خەڵک دابینکردووە، بۆ دەربڕینی ڕا و هەستەکانیان و هاوبەشکردنی بیروبۆچوونەکانیان لەگەڵ کەسانی تردا. ئەم سیستەمە بەیەکەوە گرێدراوانە بوونەتە هۆی دروستبوونی جۆرێکی تازەی میدیا، کە جیاوازە لە میدیای تەقلیدی و بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە. ئەم زاراوەیە بەزۆری ئاماژە بە هەموو ئەو زانیاری و ناوەڕۆکانە دەکات، کە دەتوانرێت لەلایەن تاک و گرووپەکانەوە لە ئینتەرنێتدا بەکاربهێنرێن و ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوەڕۆکی میدیایی پێناسەدەکرێن، کە تایبەتمەندیی کەسی و تاکەکەسی هەیە و لە نێوان دوو لایەندا دەگوازرێتەوە: لایەنی یەکەم وەرگرە، لایەنی دووەم نێردەرە، ئەمەش لە ڕێگەی پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە ڕوودەدات، کە تێیدا نێردەر ئازادییەکی تەواوی لە ناردندا هەیە و وەرگریش ئازادیەکی تەواوی لە وەڵامدانەوەدا هەیە (الغزاوی، ٢٠١٣: ١٠٦).

هەروەها ئەم تۆڕانە ئاستی کێبڕکێیان لەگەڵ میدیای بینراوی وەکو (ڕادیۆ، تەلەفزیون و کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکان) لە بواری دارشتنی ڕای گشتی لەسەر زۆرێک لە پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان زیادکردووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییە دیجیتاڵییەکان توانیوویانە بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن ڕووناکی بخەنە سەر ڕووداوەکانی ئێستای جیهان. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەموو ئەو ڕەوت و بیرۆکانەی، کە لەناو کۆمەڵگەدا هەن، ئێستا تاک ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی زانیاری و دروستکردنی پەیامی میدیایدا هەیە. ( الهزانی، ٢٠١٧: ١٣٨)

تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤەکان لە سەردەمی مۆدێرندا، ئامرازێکی پەیوەندیکردنن ،کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی ڕۆژانەی هەمووکەسێکدا. ئەوەی وایکردووە، کە بڵاوبوونەوەی ئەم سایتانە زیادبکات، ئاسانکاری دەستگەیشتن و بەکارهێنانی سادەیە، ئەمە جگە لەوەی تێچووی کەمیان هەیە، یان تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا بێبەرامبەرن. هەروەها ئامرازێکی کاریگەرن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ

کەسانی دیکە لە هەر شوێنێکی جیهان، یارمەتیدەرن بۆ کەمکردنەوەی دوورییەکان و فراوانکردنی بازنە کۆمەڵایەتییەکان.(الموبزري، ٢٠١٧: ٣١).

## گرنگی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایە تییەکان:

گرنگی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پرسێکی فرە رەهەندە، کە دەکرێت لە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، وەک پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتووری. ئەمڕۆ لە کاتێکدا رووبەڕووی پێشکەوتن و فراوانبوونی تەکنەلۆجیا و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینەوە، ئینتەرنێت و ژینگەی ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ژیانی ئێستامان هەیە، کاریگەری لەسەر هەموو کاروبار و چالاکییەکانی رۆژانەی تاکەکان هەیە. (السرحان ، ٢٠١٧: ١٧٠). لە دونیای ئەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی زۆر گرنگ لە پەیوەندیی مرۆڤەکان لە هەموو جیهاندا دەگێڕن، بە شێوەیەک کە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی زۆرینەی خەڵک. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بنەمای سەرهەڵدانی ئەو تۆڕانە بۆ ئاسانکاری و کورتکردنەوەی رێڕەوی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بوو. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم تەکنەلۆجیا نوێیە سەرهەڵدەدات رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی ئارەزومەندانی خۆی زیاددەکات. هەندێک کەس زۆر دژایەتی دەکەن، بوونیان بە هۆکاری زیانی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی ئەخلاق بۆ چینەکانی کۆمەڵگا دەزانن و مەیلیان بۆ بلۆککردن و داخستن و فلتەرکردنیان هەیە. لە لایەکی ترەوە هەندێکی تر بە دەرکەوتەی شارستانیەتێکی نوێیان دەزانن، بوونیان بە پێویست بۆ داینامیکی کۆمەڵایەتی دەزانن، لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت و زیادبوونی بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەکانەوە لە سەرانسەری جیهاندا، پەیوەندی لە نێوان کولتوور و زمانی جیاوازدا دروستبوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێشەنگی بەکارهێنانی وێب بۆ پەیوەندیکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. سەدەی ٢١یش بە سەردەمی فراوانبوونی پەیوەندیکردن دادەنرێت. بە هۆکاری جۆراوجۆر، ئەمڕۆ لە جیهاندا، بە تایبەت لە وڵاتانی دەوروبەر، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەرزە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە ریزبەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا پلەی بەرزی هەیە. رەنگە هۆکاری ئەمەش سەرنجراکێشیی ئەم ژینگەیانە بێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە رەفتار و ئەدای کارکردن و شێوازی کاردانەوە بەرامبەر بە پرسگەلێکی جۆراوجۆر، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زۆر شت هەیە، لەوانە پەروەردە و ناسنامە و ... هتد. بە گشتی بە بڕوای پسپۆڕان و کۆمەڵناسان و دەروونناسەکان، پێویستە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خوێندکاران بە باشی بەڕێوەببردرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات و هەستکردن بە بێزاری لای گەنجان. (سروش و هاوەڵانی، ٢٠١٤: ٨٤-٨٨)

## تایبەتمەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتمەندییە ناوازەکانیانەوە بوونەتە دیاردەیەکی بەربڵاو لە ژیانی هاوچەرخی مرۆڤدا. یەکەم تایبەتمەندیی گرنگیان ئاسانکاری پەیوەندیی مرۆڤە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن پەیوەندی لەگەڵ هاورێ و خێزان و تەنانەت کەسانی تازە لە سەرانسەری جیهاندا بکەن بەبێ سنووردارکردنی جوگرافی و کات (تالەی ، ٢٠٢٣: ٣٧). تایبەتمەندیی دووەم بریتییە لە هاوبەشکردنی خێرا و بەربڵاوی زانیارییەکان. بەکارهێنەران دەتوانن بە ئاسانی ناوەڕۆکی دەق، وێنە، یان ڤیدیۆ بڵاوبکەنەوە و بۆچوونەکانیان دەربڕن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنی شارەزایی لە میدیا (موحسینی تەبریزی، ٢٠١٨: ٩١) .

تایبەتمەندی سێیەم دیموکراسیکردنی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە. هەر کەسێک دەتوانێت ناوەڕۆکی دڵخوازی خۆی بەبێ نێوەندگر یان دامەزراوە فەرمییەکان بەرهەمبهێنێت و بڵاویبکاتەوە، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رێگە بە بەکارهێنەران دەدەن، کە ناسنامەی دیجیتاڵی خۆیان دروستبکەن و ببینرێن و هەست بە پەسەندکردن و سەربەخۆییان بکەن، ئەم ژینگەیە بە تایبەتی گرنگە بۆ هەرزەکاران و گەنجان، کە لە قۆناغی پێکهێنانی ناسنامەدان (بابایی، ٢٠١٩: ٧٣).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەتمەندن، کە لە تۆڕەکانی تر جیایاندەکەنەوە. لە هەمان کاتدا رێگەیان پێداوە، بەشدارییەکی کارایان هەبێت لە دروستکردنی ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی و وێنەیی و نوسینی. هەروەها توانیوویانە هەر بەکارهێنەرێک هەرچی بیەوێت لە فایلە بینراوەکان، نووسراوەکان یان بەرنامەبۆدارێژراوەکانەوە هاوبەشیبکات، هەروەها لاپەرەی هەر بەکارهێنەرێکیان کردووە بە تەختەیەکی رەش، کە هەرچییەک بیەوێت، لەسەری بینووسێت و ئەوەی لەو لاپەرەیەدا دەینووسێت، لە هەمان کاتدا هاورێکانی دەیبینن. دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییەکی زۆری لە شێوازی پەیوەندیکردن و زانین و شێوازی پێشکەشکردنی گۆڕیووە، وە وایکردووە مرۆڤەکان لە کۆبوونەوە بەردەوامەکاندا بن، لەکاتێکدا لە ماڵەکەی خۆییدایە. (فواعیر، ٢٠١٦: ٥٢٨).

## پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان:

سەردەمی ئێستا بە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا دەناسرێتەوە. تۆڕە کۆمەڵاتییەکان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پێویستییەکی رەها بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تر و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و زانیاری و وێنە و فایلەکان، جا بە تاک بێت، یان بەکۆمەڵ، واتا تاک لە ریگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە دەتوانێت بۆ پەیوەندی بەردەوام و بێ وەستان پەیوەندیە هاورێیەتی و خێزانی و پیشەییەکانی خۆیان گەشەپێبدات. (بخوش و ورتیمی، ٢٠٢٢: ٢٠٢). پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم تۆڕانە لە دابینکردنی دنیایی فراواندایە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان خۆیان دەربڕن و هەست و بیرکردنەوەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەشبکەن. ئەمەش بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە زانستییە سەلمێنراوە، کە مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە و لە زگماکییەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروستدەکات. مرۆڤ ناتوانێت بەبێ بوونی پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە بژی. مرۆڤ ناتوانێت هەموو پێداویستییە بایۆلۆژی و دەروونییەکانی خۆی دابینبکات، بەبێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا

بکات. هەروەها پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ناتوانن بوونیان هەبێت، تۆڕە کۆمەڵاتییەکانیش دەتوانێت ئەو لایەنە فەراهەمبکات، کە بەردەوام بتوانێت لەگەڵ مرۆڤەکان لە پەیوەندیدا بێت. (الشاعر، ٢٠١٥: ٦٧).

یەکێکی تر لە هۆکار و پاڵنەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەوە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بوونەتە بەشێکی گەورەی ژیانی ڕۆژانەمان و ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕینی شێوازی ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، کە ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ ئەوەی پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆ بەکارهێنان. ئەپلیکەیشنی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بووەتە چالاکییەکی جەوهەری لەناو چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، بەو پێیەی هەموو کەسێک ئارەزووی بەدواداچوونی پەیامەکان و فێربوون و بازارکردن و بەدواداچوونی هەواڵە جۆراوجۆرەکانی هەیە. (حوحو و مقراني، ٢٠٢٠: ١٤٧)

ڕەنگە دیارترین و بەناوبانگترین ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە خوێندکاران  بۆ خۆیان ڕادەکێشن و لە ئێستادا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەکاریدەهێنن، بریتین لە واتس ئەپ، فەیسبووک، تویتەر، سناپچات و ئینستاگرام. ئەم ئەپلیکەیشنانە بەهۆی ئاسانکاری بەکارهێنانیان  و نەرمی ئەو سنووردارکردنانەی کە لەسەر بەشداریکردن دانراون، جگە لەوەش سروشتی خوێندکاران و ئارەزووی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان، لەگەڵ زۆری کاتە بەتاڵەکان کە لەبەردەستیاندایە و ئەو دەرفەتە سنووردارانەی کە لە دەرەوەی ماڵەوە بەردەستن بۆ ناسینی کەسانی دیکە، هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی زۆرێک لەوان پەیوەندی بەم تۆڕانەوە بکەن (البارجي، ٢٠١٦: ٤) .

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگەی کات بەسەربردن و بابەتی پەروەردەیی و تەنانەت ئەو ڕیکلامانەی کە پێشکەشی دەکات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارە،، لە دارشتنی بیرکردنەوە و پاڵنەر و هەڵوێست و بیروباوەڕ و بۆچوونی خوێندکاران لەم تەمەنەدا، ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و کردار و شێوازی ژیانیان هەبووە، مێشکیانی کردووتەوە بۆ بەها نوێیەکان، کە هەوڵدەدەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەریبگرن، جا ئەم پاڵنەرانە وەرزشی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەیی، پەیوەست بە مۆدە، یان کولتووری بن (الباشباشة، ٢٠١٣: ١٤).

لەم ڕوانگەیەوە چەمکی پاڵنەر بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی، یەکێکە لە گرنگترین بزوێنەرەکان، کە ڕێنمایی ڕەفتاری تاکەکان دەکات بەرەو سەرکەوتن و باشی و دەستکەوت. تا زیاتر سەرکەوتوو بین لە ئاراستەکردنی خوێندکاران بەرەو  پسپۆڕییە گونجاوەکان کە لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا هاوتەریبن، بەم شێوەیە ژینگەیەکی گونجاو بۆ پرۆسەی فێربوون لەنێو خوێندکاراندا دروستدەکەین (جواد، ٢٠١٨: ١٤٩).

## لێرەدا چەند هۆکارێک دەخەینە ڕوو، کە پاڵنەری گرنگن بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان:

**هەمەلایەنە**: بەربەستی جوگرافی و ژینگەیی لەناو دەبات، سنووورە نێودەوڵەتییەکان کاڵدەکاتەوە، ڕێگە بە تاکەکانی ڕۆژهەڵات دەدەن بە ئاسانی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی ڕۆژئاوا بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری و  پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵێک ناسیاو و هاوڕێدا بکەن. ئەوان بە پلەی یەکەم پشت بە بەکارهێنەران دەبەستن لە ڕێگەی پەیوەندیکردنەوە، هەروەها توانای پەیوەندیکردن بە شێوەی بینراو و دەنگی و بیستراو و هاوبەشکردنی وێنە. تۆڕە کۆمەڵایەتییە کارلێککارەکانن کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن لە هەر کاتێکدا و لە هەر شوێنێکی جیهانەوە پەیوەندیبکەن ( الصوافي ، ٢٠١٥: ٢).

**کارلێککارانە**: جگە لەوەی وەرگر و خوێنەرن، نێرەر و نووسەر و بەشداربوویشن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاستەنگەکانی میدیایی تەقلیدی و کلاسیک کاڵ دەکەنەوە بە جۆرێک هەموو کەس مافی قسەکردن و ڕادەربڕینی هەیە، کە ئەکریت ئەم تایبەتمەندییە لایەنی نەرێنیشی هەبێت، بەڵام هەر ئەو کارلێکارانەیە، دەکرێت بابەتێکی بەسوود و گرنگ بێت و تایبەتمەندییەکی چالاکانەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بێت (افتادة، ٢٠١٨، ٣٤).

**گونجاوە بۆ زۆرینە**: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانە و فێربوونی ئاڵۆز نییە، کە ئەمەش دەتوانرێت لەلایەن خوێنکارانەوە بۆ پەروەردە و زانین، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەروەردەکردنی خەڵک، نووسەران بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خوێنەران، و ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ پەیوەندیکردن و ... هتد بەکاربهێنرێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە گرنگترین ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن، کاریگەری لەسەر تاک و گروپ و گەلان هەیە، بەتایبەتی گەنجان و خوێنکاران لە سەرانسەری جیهان لە ئەمڕۆدا، وایکردووە خوێندکاران لە ماوەی چەند چرکەیەکدا پەیوەندی لەگەڵ هەموو گۆشەکانی جیهاندا بکەن، فراوانییە بەرفراوانەکانی ئەم جیهانە بە تۆڕی پەیوەندییە بەرفراوانەکەی و ئینتەرنێتەوە ببەستێتەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگای بۆ توێژێکی زۆری خوێنکاران لە هەموو تەمەنێکدا خۆشکردووە، کە هەریەکەیان بەپێی مەیلی و ئاراستەکانی خۆیان، لە ڕێگەی ئاشنابوون و نزیکبوونەوە لە ڕێگەی پەیجی ئەو سایتانەوە بیروبۆچوون و بیروڕا ئاڵوگۆڕبکەن، هەروەها بەشداریکردووە لە گەشەکردنی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، بووەتە ئامرازێکی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بۆ بەدیهێنانی زۆرێک لە ئارەزووەکانیان و تیشکخستنەسەر کەسایەتییەکانیان (سلێمان، ٢٠٠٨: ١٦٩).

**ئاسانکاری بەکارهێنان:** یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەناوبانگبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاسانکاری بەکارهێنان و دەستپێڕاگەیشتنیانە. ئەم پلاتفۆرمانە بە شێوەیەک دیزاینکراون، کە ئەگەرچی بەکارهێنەران کەمترین شارەزایی و هۆشیاری دیجیتاڵییان هەیە، بە ڕووکاری بەکارهێنەری سادە و تێگەیشتوو. بەکارهێنانی هێما و ئیمۆجی و وێنە و ئایکۆنی سادە و ڕێنمایی هەنگاو بە هەنگاو، کارلێککردن زۆر نەرم و بێ ماندووبوون بۆ بەکارهێنەران دەکات. بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە ڕێژەی خوێندەواری کەمیان هەیە، یان خەڵکێکی زۆر کە توانای تەکنەلۆژیان کەمە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن ناوەڕۆک بەرهەمبهێنن و کۆمێنت و بەشداری گفتوگۆ گشتییەکان بکەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە زانیاری تەکنیکی ئاڵۆز هەبێت. لە ڕاستیدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە

کەمکردنەوەی بەربەستەکانی زمان و پەروەردەیی و تەکنەلۆژی دەرفەتێکی بێوێنەیان بۆ بەشداریکردنی گشتگیر ڕەخساندووە (Shirky, 2011, p. 50).

**ئابوورییە لە ڕووی ماندووبوون و کات و تێچوونە وە:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشداریکردن و ناو تۆمارکردن بەخۆڕاییە، هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە خاوەنی پێگە و لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش تەنها بۆ دەوڵەمەندەکان یان لە گروپێکی دیاریکراودا سنووردار نییە، واتا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکانەوە، مرۆڤ دەتوانێت ببێتە خاوەنی میدیای سەربەخۆی خۆی. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێچووی بەکارهێنانی زۆر کەمە، بە پێچەوانەی میدیای تەقلیدی کە پێویستی بە کەرەستەی فیزیکی گرانبەها هەیە (چاپکردن، پەخشکردن، بەرهەمهێنانی هەواڵ، بارەگا ، کارمەند ). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە هەر کەسێک دەدەن تەنها بە مۆبایل و هێڵی ئینتەرنێت میدیای تایبەتی خۆی هەبێت. پێویست بە وەبەرهێنانی گەورە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی ڕۆژنامە، ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنی ناکات (Benkler, 2006, p. 31).

بەکارهێنەرێک کە تەنانەت لە گوندێکی دووریشدا دەژیت، دەتوانێت بە هەژماری ئینستاگرام، فەیسبووک یان تیک تۆک بگاتە هەزاران یان تەنانەت ملیۆنان کەس. ئەم تایبەتمەندییە بەشدارییەکی زۆری لە بەهێزکردنی کەسانی بێبەش و نەهێشتنی ناوەندەکان لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی ناوەڕۆکدا کردووە، جگە لەوەش، نەهێشتنی تێچووی کات و شوێن – وەک پێویستی ئامادەیی فیزیکی، چاپکردنی ناوەڕۆک، یان گەشتکردن بۆ چاوپێکەوتنی بینەر – تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە بە ئامرازێکی بێ ڕکابەر بۆ چالاکییە پەروەردەیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. لە ئەنجامدا دەتوانرێت بوترێت ئەم ئامرازانە نەک هەر هەرزان و دەستپێڕاگەیشتنن، بەڵکو توانیوویانە سنووری جوگرافی و چینایەتی و زانیاری بە شێوەیەکی بێوێنە بشکێنن ( روهلینگر ، ٢٠١٩، ٤٤).

## بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پابەندبوونی ئەخلاقی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی تاکەکان یان دامەزراوەکانە بە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی هەڵسوکەوت و بڕیار و چالاکییەکانیان لەسەر کۆمەڵگا و ژینگەی دەوروبەریان. ئەم چەمکە بە یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی بواری ئەخلاق و کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی بەردەوام دادەنرێت و لەسەر ئەو پرەنسیپە دامەزراوە، کە کەسێک یان ڕێکخراوێک نەک تەنها گرنگی بە بەرژەوەندی کەسی یان قازانجی ئابووری بدات، بەڵکو دەبێت کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژینگەییەکانی ئەدای کارکردنیان لەبەرچاوبگرێت، بە واتایەکی تر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، واتە مامەڵەکردنی هۆشیارانە و دادپەروەرانە و هاوکارانە بەرانبەر بە کۆمەڵگە و ژینگە و کولتوور و یاسا و مافی ئەوانی تر (یمینی دوزی، ٢٠١٢: ١٩٠). بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ دروستکردنی گەشەی تاک و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئەم بەرپرسیارێتییە وا لە مرۆڤ دەکات، بتوانێت هەست بە خود و ناسنامەی خۆی بکات. لە کۆمەڵگە یەکی ئاڵۆزدا، ئەو کەسانەی خاوەنی سەربەخۆیی فیکرین، بەدوای دۆزینەوەی لۆژیک و مانادا دەگەڕێن. ئەمانە جیاوازن لەو کەسانەی کە تەنها خۆیان لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوتەکاندا دەگونجێنن. بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەربڕینێکی تایبەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان دایک و باوک و منداڵدا دەدۆزێتەوە، هەروەها جێگەیەکی دیاریکراوی لەنێو ئەندامانی هەر گروپێکدا هەیە (الزیون، ٢٠١٢: ٣٤٦).

## جۆرەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەکرێت بەسەر جۆرە جیاوازەکاندا دابەشبکرێت، کە هەریەکەیان ئاماژەیە بۆ لایەنێکی چالاکیی تاکەکەسی یان دامەزراوەیی لە کۆمەڵگادا:

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی چەمکێکی فرەڕەهەند و دینامیکییە، کە بەپێی پێگەی، تاک یان دامەزراوە لە کۆمەڵگادا بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات. ئەم بەرپرسیارێتییە تەنیا لە بوارێکی دیاریکراودا سنووردار نییە، بەڵکو ڕەهەندی فراوانی هەیە، هەریەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، کولتووری و ژینگەیی (بهرام و هاوەڵانی، ٢٠٠٩، ٤).

یەکەم و بنەڕەتیترین ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەسییە، کە سەرپەرشتیی ڕەفتاری ئەخلاق و ئەرکە کەسییەکان و هۆشیاری تاک دەکات لە کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تردا. کەسی بەرپرس ڕێز لە مافی کەسانی تر دەگرێت، لێپرسینەوە لە هەڵەکانی دەکات و چالاکانە بەشداری کاروباری بەکۆمەڵ دەکات. لەم ئاستەدا بەهاکانی وەک ڕاستگۆیی، دادپەروەری، هاوسۆزی و ڕێزگرتن لە یاسا دەردەکەون و بناغەی گەشەسەندنی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی دابیندەکرێت ( بیرهاف و ورنر، ١٩٩٩: ١٤٣)؛ دووەم  بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پیشەی تاکەکانە، کە لە بواری پیشەیی و تایبەتمەندی تاکەکاندا مانا دەدۆزێتەوە. ئەم جۆرە بەرپرسیارێتییە پێویستی بەوە هەیە، کە ڕەچاوی ئەخلاقی پیشەیی بکەن و کەرامەتی مرۆڤ لە شوێنی کاردا بپارێزن و دڵسۆزی ڕاستییەکان بن و پابەند بن بە مافەکانی هاوکار و کڕیارەکان، بۆ نموونە مامۆستا بەبێ گوێدانە بارودۆخی ئابووری، ئەرکی لەسەر شانە، بە ڕاستگۆیی وئەمانەتەوە وانە بڵێتەوە، پزیشکیش پابەندە بەوەی ژیانی نەخۆشەکان بخاتە پێش بەرژەوەندییە داراییەکان (جلبی، ١٩٩٦: ٧٥).

سێیەم بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوەیی یان دامەزراوەیی سەرپەرشتی ئەدای بەرپرسیارانەی دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەکات. دامەزراوە و ڕێکخراوەکان تەنها بیر لە قازانجی ئابووری ناکەنەوە، بەڵکو دەبێت هەستیار بن بەرانبەر بە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییەکان، بۆ نموونە کارگەیەک پێویستە جگە لە بەرهەمهێنان، گرنگی بە کەمکردنەوەی پیسبوون و ڕێزگرتن لە مافی کرێکاران و گەشەپێدانی ناوچەیی بدات (صباغ و هاوەڵان، ٢٠١٢: ٨٨).

چوارەم  بریتییە لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی و ژینگەیی، کە جەخت لەسەر پاراستنی سامانە سروشتییەکان، میراتی کولتووری، ناسنامەی نەتەوەیی و هەمەجۆریی نەتەوەیی و زمانەوانی دەکاتەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ناسنامەی کولتووری لە مەترسیدایە، یان تێکچوونی ژینگە لە زیادبووندایە، ئەم جۆرە بەرپرسیارێتییە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەردەوامی کولتووری و سروشتیدا (فارسی جانی و حسن، ٢٠٠٦: ٨٦)، وە پێنجەم بریتییە لە پشتگیریکردن لە کولتوورە ناوخۆییەکان، بەرەنگاربوونەوەی پیسبوون، کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان و پەروەردەکردنی خەڵک سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان، هەموویان دەرکەوتنی ئەم جۆرە بەرپرسیارێتییەن. شەشەم بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی مەدەنی و سیاسی، کە پەیوەندی بە بەشداریی هۆشیارانە و چالاکانەی تاکەکانەوە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسیدا هەیە. ئەم جۆرە بەرپرسیارێتییە پێویستی بەوەیە، کە هاووڵاتیان لە خەمی پرسەکانی کۆمەڵگەکەیاندا بن، بەشداری لە بڕیاردانی بەکۆمەڵدا بکەن، ڕێز لە مافی کەسانی دیکە بگرن و لە کاتی پێویستدا بەرانبەر نادادپەروەری و گەندەڵی بوەستنەوە (جعفری و هاوەڵان، ٢٠١١: ١٥٨).

بە کورتی دەتوانین بڵێین، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراوی ئەرکە ئەخلاقی و مەدەنیەکانە، کە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی تاک، پیشەیی، ڕێکخراوەیی، کولتووری و مەدەنیدا دەردەکەون. بەهێزکردنی ئەم ڕەهەندانە لە کۆمەڵگەدا پێویستی بە هۆشیاری، پەروەردە، ڕۆڵبینین، مۆدێل و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی هەیە. کۆمەڵگەیەک کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی تێیدا دامەزراوەیی بێت، کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ دۆستانەتر و دینامیکتر و بەردەوامتر دەبێت.

## تایبەتمەندی کەسی بەرپرسیار لە رووی کۆمەڵایەتییەوە :

کەسێکی بەرپرسیار لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تەنیا لە خۆی و بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیدا سنووردار نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی فراوانتری هەیە بۆ کۆمەڵگە و ژینگە و مرۆڤایەتی. کەسێکی لەو جۆرە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی هەیە، کە بەم شێوەیەن:

- **هۆشیاریی کۆمەڵایەتی:** ئاگاداری پرسەکانی کۆمەڵگەیە، هەستیارە بە کێشەکانی وەک هەژاری، نادادپەروەری، جیاکاری، قەیرانی ژینگەیی یان کولتووری و بە بەشێک لە نیگەرانییەکانی خۆی دەزانێت.
- **هاوسۆزی:** کەسێکی بەرپرسیار لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، توانای تێگەیشتن لە هەست و ئازارەکانی کەسانی دیکەی هەیە و لەبری بێباکی، بە هەستێکی هاوسۆزی وەڵامدەداتەوە و هەوڵدەدات بە باشترین شێوەی توانای خۆی یارمەتیدەر بێت (الزیون، ٢٠١٢: ٣٤٦).
- **پابەندبوون بە ئەخلاق:** بنەما ئەخلاقییەکانی وەک ڕاستگۆیی، دادپەروەری، ڕێزگرتن و دڵسۆزی لە ڕەفتارەکانیاندا دەبینرێت. ئەوان پابەندن بە بەها مرۆییەکانەوە، جا چ لە کارلێککردنیان لەگەڵ مرۆڤەکاندا بێت، یان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سروشتدا.
- **بەشداریکردن**: ئەم کەسە لە چالاکییە گرووپی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکاندا چالاکە. ئەوان دەبنە ئەندامی کۆمەڵە خۆبەخشەکان، بەشداری بڕیاردانی بەکۆمەڵ دەکەن و ڕۆڵێکی کارا لە کۆمەڵگەدا دەگێڕن.
- **بەرپرسیارێتیی کەسی:** هەڵەکانیان قبوڵدەکەن، لێپرسینەوە لە دەرئەنجامەکانی ڕەفتارەکانیان دەکەن، هەوڵی باشترکردن و قەرەبووکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕەفتارەکانیان دەدەن.
- **بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەوان، توانای شیکردنەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵاتە. ئەو تەنیا بە دۆخی ئێستا ڕازی نابێت، بەڵکو بەدوای گۆڕانکاری و باشتربووندا دەگەڕێت (العیاشی، ٢٠١٥: ٣١).

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە ڕێوشوێنی توێژینەوەکە بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە مەبەست لێی دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نموونە و ئامرازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە و ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دەرهێنانی ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکەیە، سەرەڕای دیاریکردنی ئامرازەکانی ئامارکردن، کە بەکارهێنراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-١ ڕێبازی توێژینەوەکە:

بەو پێیەی، کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستی (بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان) ەوە هەیە، لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی (وصفی ارتباطی) بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. میتۆدی وەسفی یەکێکە لە میتۆدە زانستییەکان، کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ وەسفکردنی بابەتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ دەسکاری. ئەم میتۆدە ڕێگە بە توێژەر دەدات، ئەو شتانە ببینێ و تۆماربکات، کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدەن، مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی ئەوەیە، کە داتای ڕاستەقینە کۆبکرێتەوە و دۆزینەوەی ئەوەی چی ڕوودەدات ( نیازی و همکاران، ٢٠٠٩: ٤٨).

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** پێکهاتووە لە هەموو ئەو تاکانەی کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێنن، واتە هەموو ئەو پێکهاتانەیە، کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکە هەیە، کە پێکدێن لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە پێی زانیارییە

نوێیەکان کە ژمارەیان (1262) خوێنکار بوو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، (سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە، ڕاپەڕین، سەڵاحەدین) بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025).

خشتەی ژمارە (1 ) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| ژ | زانکۆکانی هەرێمی کوردستان | قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم | کوی کشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی صلاح الدین | ٥٥ | ٤٢ | ٥٣ | ٥٤ | |
| ٢ | زانکۆی سلێمانی | ٨٣ | ٧٦ | ٧١ | ٥٩ | |
| ٣ | زانکۆی گەرمیان | ٦٧ | ١٥ | ٣٢ | ٧٣ | |
| ٤ | زانکۆی هەڵەبجە | ٦٣ | ٦٣ | ٦٤ | ٥٨ | |
| ٥ | زانکۆی ڕاپەڕین | ٦٦ | ٦٤ | ٨٢ | ٦٢ | |
| کۆی گشتی | | ٣٣٤ | ٣٢٠ | ٣٠٢ | ٣٠٦ | 1262 |

## ٣-٣نموونەی توێژینەوەکە:

دوای وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ژمارەی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر هەستا بە وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی بەمەبەست قۆناغی (یەکەم و چوارەم)ی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (640) خوێندکار بوو. دوای دابەشکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا، کە (640) ڕاپرسی دابەشکرا، توێژەر دوای چاوەڕوانی لە کۆی (640) ڕاپرسی دابەشکراو، توانی (287) ڕاپرسی وەربگرێتەوە لە خوێندکاران، وەکو لە خشتەی ژمارە (2)خراوەتەڕوو

خشتەی ژمارە (2 ) نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:

| ژ | زانکۆکان | قۆناغی یەکەم | وەرگیراوان لە قۆناغی یەکەم | ڕێژەی سەدی | قۆناغی چوارەم | وەرگیراوان لە قۆناغی چوارەم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی صلاح الدین | ٥٥ | ٢٢ | ٠٧.٠ | ٥٤ | ٢٣ | ٠٨.٠ |
| ٢ | زانکۆی سلێمانی | ٨٣ | ٢٦ | ٠٨.٠ | ٥٩ | ٣١ | ١٠.٠ |
| ٣ | زانکۆی گەرمیان | ٦٧ | ٢٢ | ٠٧.٠ | ٧٣ | ٤٢ | ١٤.٠ |
| ٤ | زانکۆی هەڵەبجە | ٦٣ | ٢٥ | ٠٧.٠ | ٥٨ | ٣٢ | ١٠.٠ |
| ٥ | زانکۆی ڕاپەڕین | ٦٦ | ٢٨ | ٠٨.٠ | ٦٢ | ٣٦ | ١٢.٠ |
| کۆی گشتی | | ٣٣٤ | ١٢٣ | %٣٧ | ٣٠٦ | ١٦٤ | %٥٤ |

## 3-4 ئامرازی توێژینەوەکە:

### 3-4-1 ئامادەکردنی ئامراز:

توێژەر بۆ زانینی ئاستی (بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان)، پشتیبەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی کراوە، کە یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەی زانستیدا، کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش بە نموونەیەك لە تاکەکان دەکرێت و داوایانلێدەکرێت، وەڵام بەشێوەیەکی ئازادانە بدەنەوە.

بەمەبەستی ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، توێژەر سوودی لە کۆمەڵێك سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی وەرگرت. تایبەت بە گۆڕاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر سوودی لە پێوەری (المنیع ،٢٠٢٠، ١٣١) و پێوەری (یونس والرزاق،٢٠١٩، ٩٣) بینی.

دوای سوودبینین لە سەرچاوە و توێژینەوەکان، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەیەکان، کە پێکهاتبوو لە (٣٠) بڕگە، هەر بڕگەیەک بەسەر پێنج بژاردەدا دابەشکرابوو (هەمیشە، زۆرجار، تارادەیەک، کەم جار، هەرگیز).

هەروەها بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سوود لە پێوەرەکانی (بن قودە و حەمدانی، ٢٠٢٢ ل ٤٢) و (علی، ٢٠١٩، ل٢٨٥) بینرا. دوای سودبینین لە سەرچاوەکان بۆ پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، توێژەر (31) بڕگەی بۆ پێوانی ئەم گۆڕاوە ئامادەکرد، بەهەمان شێوە بژاردەکانی هەر بڕگەیەک بریتیبوون لە (هەمیشە، زۆرجار، تارادەیەک، کەمجار، هەرگیز).

### 3-4-2 ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:

توێژەر پێوەرەکانی توێژینەوەکەی بەسەر کۆمەڵێك لە شارەزاو پسپۆڕان دابەشکرد، کە ژمارەیان (19) شارەزا بوو، لە بوارەکانی (پێوانە و هەڵسەنگاندن، دەروونزانی پەروەردەیی، ڕێگاکانی وانەوتنەوە)، بۆ بڕیاردان لە گونجاوی و نەگونجاوی هەر بڕگەیەکیش توێژەر (80%) ی ڕەزامەندی شارەزایانیان بەمەرج وەرگرتووە، پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینی شارەزایان بۆ هەردوو پێوەرەکە، توێژەر هەستا بە لابردنی بڕگەی

ژماره (١) لە پێوەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەویش برگەی (ڕۆژانە چەند جارێک سۆشیال میدیا بەکاردەهێنم) بوو، چونکە پێنج لە شارەزایان بە برگەیەکی نەگونجایان زانی بۆ پێوانی ئەو گۆڕاوە، بەمەش کۆی برگەکانی ئەم پێوەرە بوو بە (٢٩) برگە. لەسەر بنەمای ڕا و سەرنجی شارەزایان سەرجەم برگەکانی پێوەرەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی وەک خۆیان مانەوە.

## 3-4-3-شیتەڵکردنی برگەکان (تحليل الفقرات):

بەمەبەستی دەرهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی هەریەک لە پێوەرەکانی توێژینەوەکە، توێژەر هەستا بە ڕیزبەندکردنی نمرەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کە ئەویش لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە ڕیزبەندیکران. پاشان هەستا بە وەرگرتنی دوو گروپ لە نموونەی توێژینەوەکە، گروپێکیان کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەرێژەی (27%)، وە گروپێك کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەرێژەی (27%)، بەمەش لە کۆی نموونەی توێژینەوەکە کە (٢٨٧)خوێندکاربوون، هەروەها بە پشت بەستن بە ڕێژەی لە سەدا بیست و حەوت، توانرا (٧٧) خوێندکار بۆ هەر گروپێک وەربگیرێت. لە کۆتایدا جیاوازی لە برگەکان لە نێوان هەردوو گروپ و پەیوەندی برگە بە کۆبرگەی بۆ پێوەرەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدرا، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پیکراوە:

### پێوەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:

بۆ زانینی جیاوازی لە برگەکانی پێوەرەکە لەنێوان دوو گروپی جیاواز (تمييز الفقرات)، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی دووە-نموونەیی سەربەخۆ. ئەنجامی هاوکێشەی تائی دوو-نموونە دەریخست، کە جیاوازی ئاماری بە ئاستی ئاماژەی (0,05) لە نێوان هەردوو گروپ سەبارەت سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە هەیە، ئەمەش بەهێزی جیاکاری برگەکانی پێوەرەکە و ڕوون و ئاشکرایی برگەکان دەخاتەڕوو لە نێوان کەسانێک کە تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆربەکاریهێنن و کاسانێک کە بەپێچەوانەوە کەمتر بەکاریهێنن. دوای ئەم هەنگاوە توێژەر هەستا بە ووردبوونەوە لە پەیوەندی نێوان هەر برگەیەک لە گەڵ کۆنمرەی پێوەرەکە، بۆ ئەو مەبەستەش هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهێنرا، بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی هەر برگەیەك بە کۆ نمرەی گشتی پێوەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەموو برگەکانی پێوەرەکە پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەیان بەئاستی ئاماژەی(0,01) لە گەڵ کۆبرگەی پێوەرەکەدا هەیە.

### پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

آ) جیاوازی لە برگەکانی پێوەرەکان لەنێوان دوو گروپی جیاواز(تمييز الفقرات):

بەهەمان شێوەی ڕێکارییەکانی سەرەوە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی لە نیوان هەردوو گروپ سەبارەت بە برگەکانی پیوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی. ئەنجامی هاوکێشەی تائی دوو نموونە دەریخست کە جیاوازی ئاماریی بە ئاستی ئاماژەی (0,05) لە نێوان هەردوو گروپ سەبارەت بە سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە هەیە. هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهێنرا بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی هەر برگەیەك بە کۆ نمرەی گشتیی پێوەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە هەموو برگەکانی پێوەرەکە پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەیان بەئاستی ئاماژە(0,01) لە گەڵ کۆبرگەی پێوەرەکەدا هەیە.

## 4-4-3 جێگیریی پێوەرەکان:

بە مەبەستی زانینی جێگیریی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هەردوو هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ و هاوکیشەی دوولەتکردنی نیوەیی (التجزئة النصفية) لەسەر (١٥٠) خوێندکار، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە نموونەی توێژینەوەکەی وەریگرتبوو. هەروەک لە خشتەی ( 3 )دا خراوەتەڕوو، دەرکەوت کە پێوەرەکانی توێژینەوەکە بەهایەکی گونجاویان لە جێگیری هەیە.

خشتەی ژمارە (3 ) بەهای جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاوەکان | هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach Alpha | هاوکێشەی دوولەتکردنی نیوەیی Split-Half |
|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 0.95 | 0.88 |
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 0.92 | 0.80 |

## 3-4-5 تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی:

بەمەبەستی زانینی کاتی توێژینەوەکە، توێژەر بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بەسەر (٢٠) کەسدا لە خوێنکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆی سلێمانی، دەرکەوت، کە کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی برگەکان بریتییە لە (١٠-١٢) خولەک خوێنکاران توانییان بە ڕوونی وەڵامی هەموو برگەکان بدەنەوە.

## 3-4-6 جێبەجێکردنی ئامرازەکە:

پاش ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان بۆ دیاریکردنی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ و سەردانی نموونەی توێژینەوەکەی کرد لەو ناوەندانەدا و ئامانجی توێژینەوەکەیان بۆ ڕوونکرایەوە، هەروەها وەڵامی پرسیار و تێبینی بەشداربووانی توێژینەوەکەی داوەتەوە، پاشان دەستکرا بە کۆکردنەوەی فۆرمەکان.

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان (1) نمرە دراوە بە (هەرگیز)، (2) نمرە دراوە بە (کەم جار)، (3) نمرە دراوە بە (هەندێکجار)، (4) نمرە دراوە بە (زۆربەی جار)، (5)نمرە دراوە بە (هەمیشە).

### 3-4-7 ئامرازە ئامارییەکان:

توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنا:

١ - هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ و دوولەتکردنی نیوەیی بۆ هەژمارکردنی بەهای جێگیری پێوەرەکە.

٢- تاقیکردنەوەی تائی یەک نموونە (One sample t-test)، بۆ زانینی ئاستی گۆڕاوەکان لای نموونەی توێژینەوەکە .

٣- تاقیکردنەوەی تائی دوو نموونە، بۆ دۆزینەوەی جیاکاری لە بڕگەکانی پێوانەکە لەنێوان هەردوو گروپی بەرز و نزم، هەروەها بۆ زانینی جیاوازی لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ ( یەک و چوار).

٤- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson) بۆ هەژمارکردنی پەیوەندی نێوان بڕگە و کۆنمرەی گشتیی پێوانەکان، هەروەها بۆ زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندیی ئەو ئامانجانەی، کە پێشتر لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو، هەروەها شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەکرێت بەشێوەیەکی وورد و زانستی.

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی هەریەک لە گۆڕاوی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.**

بۆ زانینی ئەنجامەکانی ئەم ئامانجە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تائی یەک نموونە (one sample t-test)، ئەویش لە ڕێگەی هەژمارکردن و بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بە ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکانی توێژینەوەکە. هەروەک لە خشتەی ( 4 )دا خراوەتەڕوو، دەرکەوت بەهای ناوەندە ژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (99.9) بوو بە لادانی پێوانەیی(24.6)، کە گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکە کە (87) بووە. بۆ وردبوونەوە لەم ئەنجامە بەشێوەیەکی ئاماریی، هاوکێشەی تائی یەک نموونە بەکارهێنرا و دەرکەوت بەهای (ت)ی هەژمارکراو دەکاتە (8.88)، کە گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژیی (0.05). ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی بەشی باخچە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرزە.

سەبارەت بە زانینی ئاستی گۆڕاوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە بەهای ناوەندە ژمێری (120.3) بوو بە لادانی پێوانەیی(17.01)، کە گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکە کە (93) بووە. هاوکێشەی تائی یەک نموونە بەکارهێنرا بۆ وردبوونەوە لەم بەراوردکارییە، دەرکەوت بەهای (ت)ی هەژمارکراو دەکاتە (27.1)، کە گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژەیی (0.05)، بەو واتایەی ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە بەرزە.

خشتەی (4) ئاستی گۆڕاوەکان لای نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو .

خشتەی ژمارە (4)

| گۆڕاوەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 99.9 | 24.6 | 87 | 286 | 8.88 | 1.96 | بەڵگەدارە | 0.52 |
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | 120.3 | 17.01 | 93 | | 27.1 | | بەڵگەدارە | 1.60 |

* بەپێی معیاری Cohen's d قەبارەی کاریگەری (حجم اثر) 0.2 بە بچووک و 0.5 بە مامناوەند و 0.8 و بەرەو سەرەوە بە گەورە دادەنرێت.

هەروەک لە خشتەی (4 )دا خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت کە ئاستی هەردوو گۆڕاوی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرزە. توێژەر هۆکاری بەرزی ئەنجامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی تاکەکان و بەتایبەت خوێندکارانی زانکۆ، هەرچەندە زۆر بەکارهێنان پەلدەکێشێت بۆ ئالودەبوون و چەندەها ئاسەواری خراپی دەروونی و کۆمەلایەتی بەجێدەهێڵێت، هەندێ جار خوێندکارانی زانکۆ بۆ دوورکەوتنەوە لە جەنجاڵییەکانی ژیان، پەنا دەبەنە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە هەموو شوێن و کاتێکدا بە ئاسانی دەتوانن بەکاریبهێنن. ئەنجامی توێژینەوەکە هاورایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (EL MRASSNI, 2023: 85).

سەبارەت بە بەرزی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، بە بیروڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی، کە خانمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەن هەستی بەرپرسیارێتیی بەرزن و زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، هەروەها سروشتی تەمەنی تاک لەم قۆناغەدا کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢١) ساڵیدایە، حەز بە سەلماندنی ڕۆڵی خۆیان لە ناوخێزان و کۆمەڵگاکەیاندا دەکەن، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خاوەن هەستی بەرپرسیارین، کە دەکرێت هۆکارێکی دیکەی ئەم ئەنجامە بێت، هەروەها ئەنجامەی توێژینەوەکە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (عبری، ٢٠٢٢: ٨٣).

**ئامانجی دووەم :جیاوازی لە لە گۆڕاوی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ.**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تائی دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T.test). هەروەک لە خشتەی ( 5 )دا خراوەتەڕوو، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەک (100.8) بوو، بەلادانی پێوانەی (25.3)، بەڵام لای خوێندکارانی قۆناغی چوار (99.2) بوو، بەلادانی پێوانەی(24.1)، دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی تائی دوو نموونەیی سەربەخۆ، دەرکەوت کە بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە ( 0.56)، کە بچوکترە لە بەهای تائی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژەی (0.05)، ئەمەش بە واتای جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و چوارەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نییە.

خشتەی (5) جیاوازی لە لە گۆڕاوی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | قۆناغ | قەبارەی نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی ئاماژەی 0.05 | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | یەک | 123 | 100.8 | 25.3 | | 285 | 0.56 | 1.96 | بەڵگەدارنیە | 0.06 |
| | چوار | 164 | 99.2 | 24.1 | | | | | | |

وەک لە خشتەی (5)دا خراوەتەڕوو، دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بە پێی گۆڕاوی قۆناغ جیاوازییەکی بەڵگەداری نییە. توێژەر ئەنجامی ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی خوێنکارانی زانکۆ لە قۆناغە جیاوازەکاندا تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بە بە مەبەستی زانستی و زانیاری بەکارناهێنن، بەڵکو لە دونیابینی گشتییەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن و زیاتر بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بەکاریدەهێنن، کە ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی Vania Ardelia & Siti Jaro'ah (2023) یەکناگرێتەوە، کە ئاماژە بەوە دەکات، کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو خوێندکاراندا جیاوازە لە سەرجەم ئاستەکانی خوێندندا و جۆر و ئامانجی بەکارهێنانیان جیاوازە. بە واتایەکی تر، بەکارهێنانی دیجیتاڵی لە نێوان نەوەی گەنجدا جیاوازییەکی بەرچاوی لە بەکارهێناندا لە سەرانسەری ئاستەکانی پەروەردەدا هەبووە. هەروەها لێکۆڵینەوەکانی (فیصل ، ٢٠١٥: ٤٣)، لەم ڕووەوە باس لەوە دەکەن، کە خوێندکارانی پۆلی باڵا بەراورد بە خوێندکارانی پۆلە نزمەکان بەهۆی گەشەکردنی مەعریفی و بەشداریکردنی زیاتریان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانەدا بەرپرسیارترن.

**ئامانجی سێیەم :جیاوازی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ.**

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە ناوەندی ژمێرەیی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکارانی قۆناغی یەک (117.9) بوو، بە لادانی پێوانەی (18.3)، بەڵام لای خوێندکارانی قۆناغی چوار (122.1) بوو، بەلادانی پێوانەی (15.8)، هەروەک لە خشتەی ( 3 )دا خراوەتەڕوو، لە ئەنجامی هاوکێشەی تائی دوو نموونەی سەربەخۆ دەرکەوت، کە بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە ( 2.11)، کە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژەی (0.05)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە جیاوازیی ئاماریی لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغی یەکەم و چوارەم هەیە و لەبەرژەوەندی قۆناغی چوارەمە.

خشتەی ( 6 ) جیاوازی لە گۆڕاوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی قۆناغ دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | قۆناغ | قەبارەی نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی ئاماژەی 0.05 | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی | یەک | 123 | 117.9 | 18.3 | 285 | 2.11 | 1.96 | بەڵگەدارزیە | 0.25 |
| | چوار | 164 | 122.1 | 15.8 | | | | | |

وەک لە خشتەی (6 )دا خراوەتەڕوو، دەرکەوت کە جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و قۆناغی چوارەمی بەشی باخچەی منداڵاندا هەیە، توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە خوێنکارانی قۆناغی چوارەم زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بە هۆی گەشەسەندنی مەعریفی و هەروەها هەڵکشانی تەمەنیان، کە لە قۆناغی یەکەمدا بەگشتی خوێنداکاران تەمەنیان (18) ساڵە و لە قۆناغی چواردا تەمەنیان دەبێت بە (21) ساڵ. ئەمەش ڕەنگە هۆکار بێت لە گۆڕانکاری لە ئاستی بیرکردنەوە و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی. ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (فیصل ، ٢٠١٥: ٤٣)، کە ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەنێو خوێندکاراندا زیاددەکات. بە واتایەکی تر، قوتابیانی پۆلە باڵاکان

بە هۆی ئەزموونی زیاتر و گەشەکردنی مەعریفی و بەشداری چالاکتر لە چالاکییە گرووپی و کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتنێکی قووڵتریان لە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتیەکانیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارانەتر لە نێویاندا ڕوودەدات.

**ئامانجی چوارەم: زانینی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تورە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە.**

بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی (پیرسن)ی لە نیوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بەکارهێنا. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە پەیوەندیەکی پێچەوانە (r= -0.22) بە ئاستی ئاماژەی(0.05) لە نێوان گۆڕاوی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گۆڕاوی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو، کاتێک خوێندکارێکی بەشی باخچەی منداڵان کاتێکی زۆر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەسەردەبات، سەرەنجام هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لا کەمدەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تاک بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی لەرادەبەدەر بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوورەپەرێز دەبێت و توانای بەشداریکردنی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی نابێت و هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەلایەتی لاوازدەبێت، کە ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی (یمنیه، ٢٠١٧: ١٤٢) یەکدەگرێتەوە، کە باس لەوە دەکات، تا ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵاتیەکان زیادبکات، دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی و بەشدارینەکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان زیاددەکات.

## دەرئەنجام:

پاش خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشت:

1. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.
2. ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.
3. هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕای قۆناغی (یەکەم و چوارەم) نییە.
4. جیاوازی ئاماری بەڵگەدار هەیە، لە ئاستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی (یەکەم و چوارەم)، لە بەرژەوەندی قۆناغی چوارەم.
5. پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەیە.

## ڕاسپاردە:

دوای گەیشتن بەو ئەنجامانە، توێژەر ڕاسپاردەکانی بەم شێوەیە خستەڕوو:

1. ڕێنماییکردنی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانس و سیمینار و وۆرکشۆپی تایبەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و سوود و زیانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
2. دانانی پرۆگرامی تایبەت لە بارەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی زانست و زانیاریی خوێندکاران.
3. ڕێنمایکردنی خوێندکاران لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ زیادەڕەوی نەکردن لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## پێشنیارەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە نێو مامۆستایانی باخچەی منداڵان.
2. ئەنجامدانی توێژیەنەوەیەک لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر گۆشەگیری و خەمۆکی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەک لەسەر کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی زانستی لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی.

## سەرچاوەکان:


1. افتاده، جواد، (١٣٨٩)، رسانه های اجتماعی و کتاب بازکشت عموم و بازنشر کتاب، فصلنامه کتاب مهر، شماره ١.
2. بابایی، سیدمجتبی (1398). تأثیر شبکه‌های اجتماعی بر رفتارهای ارتباطی کاربران. قم: بوستان کتاب. ص. 73.
3. بیرهوف، هانس ورنر) .(١٣٧٨) .رفتارهای اجتماعی مطلوب .ترجمه رضوان صدق‌نژاد. تهران: نشر کل دین، چاپ دوم.
4. جلبی، مسعود (١٣٧٥). جامعه شناسی نظلم ( تشریح و تحلیل نظری نظم اجتماعی)، تهران: نشر نی. ص٧٥.
5. روهلینگر، دینا.(٢٠١٩) جامعه و رسانه های نوین. مترجم: حمیدرضا بیژنی، نقد فرهنگ، تهران. چ١. ص ٤٤.
6. فارسیجانی، حسن (١٣٨٤). کلاس جهانی سارمانها و مدیریت کیفیت جام . ع تهران: مرکز ٢ موزش و تحقیقات صنعتی ایران.
7. لوهان، سیاران مک (٢٠٢٣). روانشناسی رسانه‌های اجتماعی. ترجمه سیده زهرا اجاق. لو حسین قلی پور س تهران. چ ١.
8. محسنی تبریزی، مهدی (1397). روان‌شناسی رسانه. تهران: سمت. ص. 91.
9. والیمن، ن (١٣٨٩) .(روش‌های تحقیق در علوم اجتماعی )مترجمان: م. نیازی، م. صلابت & ف. بهادرانی‌باغبادرانی). تهران: سخنوران-پندار پارس، ٤٠-٦٠.
10. یمنی دوزی سرخابی، محمد (١٣٩١). کیفیت در آموزش عالی. تهران: سمت. چاپ اول. ٣٧٢ صفحه.
11. تالهی، الهه، و برخوردار، ناصر. (1403). مطالعه اثربخشی رسانه های اجتماعی به عنوان مهم ترین بستر بازاریابی دیجیتال بر قصد خرید با نقش تعدیلگر ارزش ویژه برند. ششمین کنفرانس بین المللی و هفتمین همایش ملی یافته های نوین در مدیریت، روانشناسی و حسابداری. ٣٧.
12. جوکار، بهرام؛ جاری، مسعود حسین؛ مهربرور، آناهیتا. (١٣٩٣). پیش‌بینی مسئولیت‌پذیری اجتماعی بر اساس سبک‌های هویتی در دانشجویان دانشگاه شیراز .فرهنگ در دانشگاه آزاد اسلامی، ١)٣(، ص ١٠.
13. صباغ، صمد؛ قیاسی، سحر. (١٣٩١). بررسی عوامل اجتماعی مرتبط با میزان تعهد اجتماعی (دانشجویان دانشگاه آزاد اسلامی واحد تبریز) . مطالعات جامعه‌شناسی، سال دوم، شماره پنجم، صص ٨٧–١٠٣.

14. عابدی جعفری حسن، تسلیمی محمد سعید، فقیهی ابو الحسن، شیخ زاده محمد (۱۳۹۰). تحلیل مضمون و شبکه مضامین: روشی ساده و کارامد برای تبیین الگوهای موجود در داده های کیفی. اندیشه مدیریت راهبردی، سال پنجم، شماره دوم، شماره پیاپی ۱۱ ، ص ۱۵۸.
15. فتحی سروش، وثوق منصور، سلمانی کودرز( ۱۳۹۳)، بررسی رابطه مصرف شبکه های اجتماعی باسبک زندگی جوانان(مورد مطالعه جوانان شهر خلخال)، فصلنامه مطالعات جامعه شناختی جوانان سال چهارم.شماره سیزده سفحات ۸۸ – ۲۹.
16. نواح، عبدالرضا، رشیدی، سارا، و رستمی، ایوب. (1398). بررسی تأثیر شبکه های اجتماعی مجازی بر هویت اجتماعی جوانان (موردمطالعه: جوانان 18 تا 30 سال شهر اهواز). جامعه شناسی اقتصادی و توسعه، 8(2 )، 391-421.
17. حلی، حسن بن یوسف. (۱۲۰۷ ق) . کشف المراد فی شرح تجرید الاعتقاد . قم: جامعه مدرسین حوزه علمیه قم.
18. اسماعيل، نبيه ابراهيم (1990) دراسة لسمة الأصالة في الشخصية من حيث علاقتها بالمسؤولية الاجتماعية، بحوث المؤتمر السادس لعلم النفس في مصر، الجمعية المصرية للدراسات النفسية، الجزء الأول، ص 439.
19. السرحان، فيصل (2017). الإعلام الجديد وخطاب الكراهية _استراتيجيات المواجهة "المؤتمر الإعلامي الدولي المحكم، الإعلام بين خطاب الكراهية والأمن الفكري". ط1، جامعة الزرقاء، 165-184.
20. الفواعير، هيام (2016). أثر شبكات التواصل الاجتماعي على الأمن الفكري للشباب الجامعي بالأردن من وجهة نظر طالبات كلية اربد الجامعية/جامعة البلقاء. مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العند 169، الجزء الثاني، ص551-529.
21. أيمن عبد المغنى محمد، ليلى أحمد السيد، صالح سليمان عبد العظيم (٢٠١٨): أثر استخدام مواقع التواصل الاجتماعي على النسق القيمى للشباب المصرى. مجلة العلوم البيئية. معهد الدراسات والبحوث البيئية. جامعة عين شمس. مج (٤٤),ع (١). ص ص ٢٠٩ :١٠٧.
22. بخوش، ش.، ورتيمي، أ. (٢٠٢٢). مواقع التواصل الاجتماعي ودورها في إنتاج السلوك الانحرافي لدى الشباب (التيك توك نموذجاً). مجلة آفاق لعلم الاجتماع، ٢٠٢-٢٢٠، (١)١٢. الجزائر، جامعة البليدة ٢، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.
23. البرجي، هشام. (2016). تأثير شبكات التواصل الاجتماعي على العلاقات الاجتماعية للأسرة المصرية. استرجع من موقع إلكتروني) الموقع العربي للبحوث والدالرا ٦-٢٤.
24. البشابشة، وسام (2013). دوافع استخدام طلبة الجامعات الاردنية لمواقع التواصل الاجتماعي وإشباعاتها. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة البترا الاردن. ١٤-١٧.
25. بن قادة، أ.، و حمداني، ف. (2022). قياس مستوى تبني المسؤولية الاجتماعية وأثره على تميز المؤسسات الصناعية: دراسة ميدانية. مجلة دراسات اقتصادية، 14(2)، 33–50.
26. الجبر، ح. س.، عقيل، إ. م. ر.، و حسن، م. ع. (2017). واقع دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي الثقافي لدى طالبات كلية التربية الأساسية في دولة الكويت. مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد 172 (الجزء الثاني)، 77–112.
27. جواد، تبارك عادل. (2018). دافع الإنجاز الأكاديمي لدى طالبات المرحلة الإعدادية، (رسالة ماجستير منشورة)، جامعة القادسية، العراق. دوافع استخدام وسائل التواصل الاجتماعي لدى طلبة مرحلة التعليم ما بعد الاساسي (12-11).
28. حسني محمد عوض، (01-2013)، أثر برنامج تدريبي لتنمية المسؤولية المجتمعية لدى فئة الشباب باستخدام موقع التواصل الاجتماعي "الفيس بوك" تجربة مجلس شبابي علار أنموذجا"، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والاجتماعية، 2.
29. حوحو، ع.، ومقراني، س. (٢٠٢٠). الانعكاسات السلبية لاستخدام الأبناء الأجهزة الرقمية كما يدركها الآباء (تطبيق التّيك توك أنموذجاً). مجلة التغير الاجتماعي، ١٤٥-١٦٣، (١)٥. الجزائر: جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية.
30. راضي، زاهر (2003) استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في العالم العربي، مجلة التربية، عدد 15، جامعة عمان الأهلية، عمان. .
31. رانيا إبراهيم الغزاوى(2013)، دور وسائل الاتصال الحديثة فى الأزمات، مجلة البحوث والدراسات العربية، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، معهد البحوث والدراسات العربية، العدد ،58، ص106.
32. الزبون، أحمد عقلة (٢٠١٢)، المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها بمنظمة القيم الممارسة لدى طلبة جامعة البلقاء التطبيقي، المجلة الأردنية للعلوم، مج ٥، ع٣٦٠٤- ٣٤٦، ٣.
33. سليمان، بورجلة. (2008). أثر استخدام الإنترنت على اتجاهات الطلبة الجامعين وسلوكياتهم. (دراسة ماجستير غير منشورة). جامعة الجزائر بن يوسف بن جدة، الجزائر.
34. الصوافي، عبد الحكيم عبدالله راشد. (2015). استخدام وسائل التواصل الاجتماعي لدى طلبة الحلقة الثانية من التعليم الأساسي في محافظة شمال الشرقية بسلطنة عمان وعلاقتها ببعض المتغيرات. (دراسة ماجستير غير منشورة). جامعة نزوى، سلطنة عمان.
35. عبد الرحمان بن إبراهيم الشاعر، (2015)، مواقع التواصل الاجتماعي والسلوك الإنساني، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
36. العبري، م. ن. ع .(2022) .المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها ببعض المتغيرات لدى طلبة جامعة السلطان قابوس - سلطنة عمان .مجلة العلوم التربوية والنفسية، 6(30)، 83 .110– https://doi.org/10.26389/AJSRP.R241121
37. علي، م. ع. (2019). تطوير نموذج قياس وتقييم المسؤولية الاجتماعية للمصارف في مصر. مجلة البحوث التجارية المعاصرة، 33(4)، 277–296.
38. العياشي، زرزار (٢٠١٥)، المسؤولية المجتمعية للجامعات العربية: الواقع والتحديات، مجلة جامعة، أكاديمية القاسمي، مج ١٩، ع٥٢٠- ٢٧، ٢.
39. فيصل ب. ع. ا. ا. (2015). واقع المسؤولية الاجتماعية ومستوياتها لدى الشباب الجامعي. مجلة علوم الإنسان والمجتمع, 4(4), 43-78. https://asjp.cerist.dz/en/article/50132
40. المنيّع، ج. م. (2020). تطوير مقياس دوافع استخدام وسائل التواصل الاجتماعي. مجلة العلوم التربوية والنفسية، 4(36)، 123–142.
41. المويزري، ناصر شباب (2017). الخصائص النفسية والسلوكية لمستخدمي وسائل التواصل الاجتماعي لدى لطلبة الجامعيين بدولة الكويت، مجلة دراسات الطفولة، 31-17،(76) ،20.
42. ناصر الهزانى( ٢٠١٧) شبكات التواصل الاجتماعى وصناعة الرأى العام ، جريدة الحياة اللندنية.
43. يعقوب، المدني، أسامة بن غازي زين. 2016. دور شبكات التواصل الاجتماعي في تشكيل الرأي العام لدى طلبة الجامعات السعودية: جامعة أم القرى نموذجا .مجلة كلية الآداب و العلوم الاجتماعية،مج. 3، ع. 2، ص ص. 395-425.
44. يمينة ز. (2017). مواقع التواصل الاجتماعي وعلاقتها بظهور العزلة الاجتماعية لدى الشباب الجامعي - دراسة ميدانية على عينة من الشباب-. مجلة الحكمة للدراسات الاجتماعية, 5(10), 142-154. https://asjp.cerist.dz/en/article/36113
45. يونس، ن. و الرزاق، م. (2019). مقياس إدمان وسائل التواصل الاجتماعي (SMAS). مجلة الدراسات النفسية والتربوية، 110(1)، 89–113.
46. Ardelia, V., & Jaro'ah, S. (2023). Exploring Social Media Use Integration Based on Educational Level Among Emerging Adults. International Journal of Current Educational Research, 2(2), 106–114.
47. Benkler, Y. (2006). The Wealth of Networks: How Social Production Transforms Markets and Freedom. New Haven: Yale University Press. P31
48. El Mrassni, H., Ciftci, D., & Isman, A. (2023). The effects of social media on social responsibility: Facebook. Turkish Online Journal of Educational Technology – TOJET, 22(2), 85–109.
49. Shirky, C. (2011). Cognitive Surplus: How Technology Makes Consumers into Collaborators. New York: Penguin Group.p50

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-21

# The Impact of Social Network Usage on Social Responsibility and Needs Fulfillment among kindergarten students in universities of the Kurdistan Regional

**Shara Faryad Abdullah, gelas Abdullah Ismail**

**Department of Kindergarten, College of primary Education, sulaimani University, kurdistan Region-Iraq**

**Article Info**

| Received | July, 2025 |
|---|---|
| Accepted | August, 2025 |
| Published: | Novemer, 2025 |

**Keywords**

**Social media, Social Responsibility,**

**Corresponding Author**

sharafryad86@gmail.com

## Abstract:

This research aimed to investigate the relationship between social media use and social responsibility among kindergarten department students in Kurdistan Region universities. This study was descriptive-correlational. The statistical population consisted of 1,262 students studying in this field, and the research sample comprised 287 students from the (first-fourth) academic levels. The data collection instruments were two questionnaires or scales in the domains of social media use and social responsibility. Additionally, for data analysis, one-sample t-test, independent samples t-test for two groups, Pearson correlation coefficient, and SPSS software were used.

The results showed that the average social media use and the level of social responsibility among students were high. However, the results of the (two-sample) t-test revealed that there was no difference in social media use between the first and fourth levels. There was also a statistical difference in social responsibility between the first and fourth levels in favor of the fourth level. Correlation analyses showed a significant inverse relationship between increased social media use and social responsibility. In light of these results, several recommendations and suggestions were presented, including that universities and educational institutions should align their curricula with media literacy and use targeted social media networks to promote social responsibility among students.